

# گۆرانكاريەكانی قەوارەی نا ديموكراتيكی كوميسيونی مافی مرۆڤیUN

خەليل غەزەڵی
xelilxezel@yahoo.com

وەک دەزانين رێكخراوی نەتەوەكانی يەكگرتوو (UN) بەمەبەستی چاودێری كردنی مافەكانی مرۆڤ و پێشگرتن بە پێشێلكاريی دەوڵەت و ناوەندەكانی دەسەڵات، كوميسيونێكی پێک هێناوە بە ناوی كوميسيونی مافی مرۆڤ. بۆ بەشداريی لەم كوميسيونەدا هيچ مەرجێک دانەنراوە و هەر دەوڵەتێكی ئەندامیUN گەر تەنانەت پەيماننامەی مەنعی ئەشكەنجە و پاراستنی مافەكانی مرۆڤيشی مۆر نەكردبێ، دەتوانێ لەسەر دۆسيەكانی مافی مرۆڤ كە ئەم كوميسيونە پێشكەشی كۆبوونەوەی گشتيی UN ی دەكات دەنگ بدات. ئيتر گرينگ نيە كە ئەم دەوڵەتانە خۆيان خاوەنی چ كارنامەيەكی مافی مرۆڤ و ديموكراسين. هەر ئەوەش بوو كە سەرەنجام كێشەی پاراستنی مافەكانی مرۆڤيش وەک هەر چەمكێكی ديكە خرايە بواری سياسييەوە و واتاو ناوەرۆكە مرۆڤی و ئينسانييەكەی چەواشەكرا. ئەوەبوو بۆ ماوەی ساڵانێكی زۆر (تا رووخانی سۆڤييەت و يەک جەمسەری بوونی جيهان) كێشەی مافی مرۆڤ لە نێوان دەسەتەبەنديی جەمسەرەكاندا (ئەمريكا وەک بەرەی سەرمايە و سۆڤييەت وەک بەرەی توتاليتاريزم) ببووە قوربانيی بەرژەوەنديە سياسی و ئابووريەكان. واتا هەموو ساڵێک كەچاو بە كارنامەی مافی مرۆڤی دەوڵەتەكاندا دەخشێنرايەوە، كەمتر كێشەی مافی مرۆڤ لە بەرچاو دەگيرا.

پێويست بە وەبير هێنانەوەيە وڵاتانی رۆژئاوا زۆرتر باسی ديموكراسی و مافی هاوڵاتيان و مافەكانی ئينسانی و ئەشكەنجەيان دەكرد. لە بەرانبەردا لايەنی ديكە،واتا سۆڤييەت، ئەم دياردەيە(مافی مرۆڤ و ديموكراسی) بە پيلانی رۆژئاوا دژی خۆی و وڵاتانی "دژی ئيمپرياليست" دەزانی. ئەوەبوو هەتا لەبەريەک بڵاو بوونی دژی چەمكەكانی ديموكراسی و مافەكانی مرۆڤ وەستا و بەداخەوە لەكاتێكدا كراسی عەداڵەت خوازيی لەبەر كردبوو و خۆی وەک دەسەڵاتی چينە چەوساوەكان دەناساند، لەنێوخۆدا(بەرەی سوسياليسمی موجود) سوسياليزمێكی سەربازخانەيی دامەرزاندبوو و لە دەرەوەی خۆشيدا ،بەمەرجی دژايەتی كردنی ئامريكا(گرينگ نەبوو بە چ مەبەستێكەوە) پشتيوانيی لە هەموو دەسەڵاتێكی دژی ئينسانی و ديكتارتور و سەركوتگەر دەكرد. بۆيە هەميشە خۆی(سوڤييەت) و مانگە بێ ئيرادەكانی و ژمارەيەک دەوڵەتی فاسد و نامەشرووع لە بەرەيەكدا دژی مەحكووم كردنی وڵاتانی پێشێلكاری مافی مرۆڤ دەنگيان دەدا.

هەر لەو كاتەشدا ، بەرەی سەرمايە بە رێبەريی ئامريكا، ئەگەرچی لە هێنانە گۆڕی پەروەندەی زۆر وڵاتی پشێڵكاری مافی مرۆڤ پشتيوانيان دەكرد، بەڵام لەهەمان كاتدا بە دەستێكی باڵا كەلەUN دا هەيانبوو و ئيستەش هەيانە، نەياندەهێشت كارنامەی زۆر وڵاتی پێشێلكاری مافی مرۆڤ كە پێوەنديی ئابووری و نيزامی و سياسيان لەگەڵ هەبوو بێتە ئاراوە. بۆ وێنە تا ئێستاش وڵاتانی ئيسرائيل يا ئوردن ، ميسر ، عەرەبستان ، و بەگشتی زۆر وڵاتی ديكتاتوريی ديكە كە هيچ ئازاديەكيان تێدا بەدی ناكرێ و كۆمەڵانی خەڵک و ەتايبەت زەحمەتكێشان هيچ مافێكی سياسی و ئابووری و كۆمەڵايەتيان نييە لە كوميسيونی مافی مرۆڤدا بە شێوەی جيدی باسيان لێنەكراوە و مەحكووم نەكراون.

سەرجەمی ئەو هەڵوێستانە و گۆڕانكاريەكانی ئەم دوايانە لە ئاستی جيهانی و گشتگر بوونی چەمكەكانی ديموكراسی و مافەكانی مرۆڤ، ئەو باوەڕەيان پێک هێنابوو كە كوميسيونی مافەكانی مرۆڤیUN دەزگايەكی

کارامە نییە و دەبێ قەوارەکەی تووشی ڕیفۆرم و گۆڕانی بنەڕەتی بێت. سەرەکیترین گۆڕانێک کە چاوەڕوان دەکرا بێتە ئاراوە ،ئەوەبوو کە هەروڵاتێک خۆی پێشێلکاری مافی ئینسان بێ ، مافی ئەوەی نەبێ لە سەر کارنامەی مافی مرۆڤ( بەتایبەت لەسەر وڵاتانی دیکە) نەزەر و دەنگ بدات . بۆیە پاش ئەوەی گۆڕانی قەوارەی کومیسیونی مافەکانی مرۆڤیUN بەشێوەی جیدی لە چەند ساڵی ڕابردوودا هاتەئاراوە، سەرەنجام بە پێشنیاری بەرێز کوفی ئەنان سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوە لێژنەیەک بە سەرپەرستیی"یان ئەلیاسۆن" سەرۆکی کۆبوونەوەی گشتییUN بە مەبەستی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی قەوارەیەکی تازە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ پێک هات.

لە چەند رۆژی ڕابردوودا هەواڵدەریەکان و بەتایبەت ڕۆژنامەوانانی نێزیک بە ڕێکخراوی نەتەوەکانی یەکگرتوو باس لەو گۆڕانکاریە واتا گۆڕانی بنەڕەتیی قەوارەی کومێسونی مافی مرۆڤ دەکەن. بە پێی ئەم هەوالانە،سەرەنجام پاش چەندین مانگ لێدوان و مشت و مڕ و جیاوازیی بۆچوونەکان ،پێشنیارێکی نوێ بەمەبەستی پێکهێنانی شورایەکی تازە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی UN هاتووەتە ئاراوە.

شوورای نوێ جێگەی کومیسیونی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. کە وەک باسکرا ئیعتبار و موتمانەی خۆی لەدەس داوە. یان ئەلیاسۆن لە پێشنیارەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەندامانی شوورای تازە، لەباتی هەموو ئەندامانی ڕێکخراویUN کە لە کۆبوونەوەی گشتیدا باسی مافی مرۆڤ لە وڵاتان دەکەن،تەنیا نوێنەرانی47 وڵات دەبن. ئەویش وڵاتانێک کە کرداری خۆیان لە ئاست ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤدا بەردەوام لە ژێر چاودێریدا دەبێ. ئەمە بەو مانایەیەکە وڵاتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ شیاوی ئەوەنین لەم شوورایەدا ببنە ئەندام و لەهەمان کاتدا گەر وڵاتێکی ئەندام پشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بکات لەو شوورایە دەردەکرێت. ئەم پێشنیارە لە لایەن کوفی ئەنان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەکانی یەکگرتوو پێشوازیی لێکراوە و داوای لە نوێنەرانی هەموو وڵاتان کردووە کە پەسندی بکەن. بەم شێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە چی دیکە وڵاتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ نەتوانن دژی مەحکووم کردنی هاوپیشەکانیان دەنگ بدەن و پێش بە ئابڕووچوون و بێ ئیعتبارییان بگرن.

چاوەروان دەکرێ مسۆدەی ئەم پێشنیارە تازەیە لە رۆژانی داهاتوودا لە لایەن کۆبوونەوەی گشتییUN ەوە پەسند بکرێت. کە بە پەسندکردنی، UN لە باری چاودێریکردنی مافەکانی ئینسانییەوە پێدەنێتە بوارێکی دیکەوە. بوارێک کە ئەم ڕێکخراوە هەنگاوێک لە قەوارە سونییەتییەکەی سەردەمی شەڕی سارد دوور دەخاتەوە. بەڵام ئایا ئەم دوورخستنەوە دەتوانێ ئەم ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەریەکانی رۆژئاواش دەرباز بکات؟ گەرچی داهاتووە کەلەمبارەوە بڕیار دەدات بەڵام دیاردەکانی تا ئێستا ئەوە نیشان نادەن.

ڕەشەمەی 2006